# وەچەی نوێ و دابڕانی لە فەرهەنگی ئاوەزی

سەربەست قادر حەمە
(دەربەندیخان)

نەوە دوای نەوە مرۆڤایەتی زیاتر پێشدەکەوێت و تەمەڵتر دەبێت، پێشکەوتنەکان دەیان سیمای جوانیان بە ڕوخسار و خێراکردنی هەڵسوڕاندنی کارەکانی مرۆڤ داوە، بەڵام بەکارهێنانی ژیرییان لێ سەندووەتەوە، ئەگەر مرۆڤێک لە کۆندا دەیەکی مێشکی بەکارهێنابێت، ئەوە تاکی ئەمڕۆ دەیەکی ئەو دەیەکە بەکاردەهێنێت.

ئەمەیش بە هۆی داهێنان و پەیدابوونی دەیان جۆر ئامێری پێشکەوتوو، کە مرۆڤ لە جێی ئاوەز و ژیریی خۆی لە کاروباری ڕۆژانەیدا بەکاریان دەهێنێت.

ڕاستە ئەم بەکارهێنانە کارئاسانی دەکات و خێرایی جێبەجێکردن زیاد دەکات، بەڵام هۆکاری سەرەکییە بۆ مراندنی ئاوەز و ئاگایی مرۆڤ!

باوانی ئێمە تاکە ئامرازێک لەبەردەستیاندا بووبێت بۆ هەڵگرتنی زانیارییەکانیان ئەو یادگە پاکە بووە، کە بە ژاوەژاوی پێشکەوتن و جەنجاڵییەکانی ڕۆژگار نەئاخنرابوون.

بە پێچەوانەی ئەمانەوە نەوەیەک ئێستا لە گۆڕەپانی شارستانیەتدا دەژی، خەریکە بە تەواوی لە کولتوور و دابونەریتی ڕابوردوو دادەبڕێت، دابڕانێک هەموو مێژووی زمان، شوناس، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و... تاد دەخاتە کەندەڵانی بیرچوونەوەوە.

لە نێوان ئەم دوو نەوەیەدا، نەوەیەکی مامناوەندی هەیە، کە بەشێکی تەمەنی لەگەڵ نەوەی کۆن و بەشێکی لەگەڵ وەچەی نوێدا گوزەراندووە و

دەگوزەرێنێت.

ئەم نەوەیە هاوشێوەی ئەو تاکانەیە، کە لە کاتی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا هەراشبوون و گەواهیدەری هەموو گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمەبوون، بەجۆرێک بەشێکی ژیانیان لە سەردەمی نەزانی و بەشەکەی تریان لە سەردەمی ئیسلامدا بردەسەر، بۆیە بوونە خاوەن ڕۆشنبیری و شارەزاییەکی تایبەت لە هەردوو سەردەمە جیاوازەکە.

ئەم نەوەی ئێستا، بەشێکی ساڵەکانی تەمەنی تێپەڕاندووە و دەکاتە باوکی وەچەی نوێ بووەتە پردی پێداپەڕینەوە و پێکگەیشتنی هەردوو نەوە لێکدابڕاوەکە.

ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت، ئەوە نەوە دوای نەوە زیاتر لە فەرهەنگی ئاوەزیی باوانمان دوردەکەوینەوە، چونکە هیچ گەڕانەوەیەک لەلایەن وەچەی نوێوە بە ئاراستەی کولتووری ڕابوردوو و هەوڵدان بۆ پاراستنی زمان، شوناس و کەلەپووری کۆن نابینرێت.

لەم ڕوانگەیەوە ئێمە لەبەردەم هەڵدێرێکی گەورەداین، نە خۆمان و نە کەسیش ئاوڕ لەم دۆخە نالەبارە ناداتەوە، کە زەمینەیەکی لەباری بۆ ڕەخساوە و ئەمڕۆ، یان سبەی بەجۆرێک تووشی دەبین، خەرمانی زمان و وێژەوانی سەدان ساڵەمان لە لێواری مەرگ نزیک دەکاتەوە.

ئەوانەی تۆزێک تەمەنیان هەڵکشاوە زۆر بە ڕوونی لەوە تێدەگەن و دەبینن منداڵ و نەوەی تازە پێگەیشتوو دەیان جۆری یاری و کایەی منداڵانەی ساڵانی ڕابوردوو هەیە هیچ لێی ئاگادارنین، نەک تەنیا لە جۆر و چونێتی یارییەکان، بەڵکوو کاتێک ناوی یارییەکانیش دەبیستن سەراسیمە دەبن، ئەم بێئاگایی و نادیدەییەی نەوەی تازە تەنیا بەمەوە ناوەستێت، بەڵکوو بە هەموو کایە فەرهەنگی و کولتوورییەکانیشدا شۆڕدەبێتەوە، بۆ نموونە ناوی گوڵ، دارودرەخت، شاخ و کێو، ئاژەڵ، باڵندە و دەیان پۆل و ڕەگەزی تر.

ڕاستییەکەی نابێت بە پلەی یەکەم ئەم نەوەیە بەرانبەر بێئاگاییان لە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەییان بە تاوانبار بزانرێت، بەڵکوو ئەو دۆخەی ئێستا ناوچەکە و جیهانی پێدا تێدەپەڕێت، ڕاگەیاندن، پەروەردە و قوتابخانەکان و ئەو نەوەیەی هەڵگری سیمای هەردوو نەوەکەیە تاوانباری سەرەکین، چونکە پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییەکان و سیما شارستانییەکانی ئەمڕۆ کرانەوەیەکی خێرا دەخوازن، کە مرۆڤ تێیاندا ناپەرژێتە سەر بە ئاگابوون لە بارودۆخ و مێژووی دێرینی خۆی، سەرباری دۆخەکە، ڕاگەیاندن و پەروەردە لە قوتابخانەکان دوو بنەمای تری سەرەکین، کە ڕۆڵیان لەژێر کاریگەریی ڕۆڵی پێشکەوتنەکاندایە، بە تایبەت ڕاگەیاندن، چونکە بەشێک لە ڕاگەیاندنەکان بە ئەنقەست و بۆ هەندێک مەرامی تایبەت بەرنامە و کارنامەکانیان بە جۆرێک دادەڕێژن، کە هۆکارین بۆ بێئاگاکردنی نەوەی تازە لە ڕابوردووی خۆی و مێژووی سەدان و هەزاران ساڵەی نەتەوەکەی.

پاشان کەمتەرخەمی و بێ دەسەڵاتی پەروەردە و قوتابخانەکانیش یەکێکن لەو هۆکارە سەرەکییانەی، کە ڕێگەیان بۆ ئەم دابڕانە خۆش کردووە، بە هۆکاری نەبوونی بەرنامە و پلانی تایبەت بۆ پێکەوەبەستنی وەچەی نوێ بە زمان، کولتوور و مێژووی نەتەوایەتییەوە و زاڵبوونی بەسەر کاریگەرییەکانی پێشکەوتنە تەکنۆلۆجی و ڕاگەیاندنەکاندا.

بێئاگابوون و بێئاگاکردنی ئێمە، دابڕانمانە لە هەموو هەستە نەتەوایەتی و ژیارییەکانمان، دۆخێکە لە ڕێگەی دروستکردنی هەستی خۆبەکەمزانینەوە بەرانبەر بە زمان و نەتەوەکانی ترەوە هێنراوەتە کایەوە.

تەماشاکە ئەو کاتەی منداڵێک دەتوانێت چەند وشەیەک بە زمانێکی بیانی دەربڕێت کەسوکارەکەی شاگەشکە دەبن، شانازیی پێوەدەکەن و ئافەرینی دەکەن، بێئاگا لەوەی ئەم کارە لە یەکەمین هەنگاوەکانی دابڕینیانە لە

فەرهەنگی ئاوەزییان.

دابڕانیش لە فەرهەنگی ئاوەزی، واتە دابڕان لە مێژوو، کولتوور و زمانی دایک.

نەتەوەکانی جیهان ئەگەر نەیشتوانن وڵاتێک لە ڕێگەی هێزەوە داگیر بکەن، بەلایانەوە ئاساییە، چونکە لە ڕوانگە و تێڕوانینی ئەوانەوە ئەوەی بە چەک نەکرێت، بە دابڕینی نەوەکانی داهاتوو لە کولتوور و زمانەکەیان دەکرێت.

بۆیە چەکی بەهێزیی ئێستا بۆ داگیرکردنی هەر وڵات و دابڕینی هەر نەتەوەیەک لە فەرهەنگ و کولتوورەکەی دابڕین و داگیرکردنی ژیریی تاکەکانیەتی لە ڕێگەی خۆشەویستکردن و بە گەورە نیشاندانی زمان و فەرهەنگی نەتەوەکانی تر و سووک و نزم نیشاندانی زمان و فەرهەنگەکەی خۆی.

ئاگایی تاک لە ڕێگەی بە ئاگابوونییەوە لە فەرهەنگ و زمانەکەی بەدەست دەهێنرێت، پێشکەوتنەکان نابێت ببنە بەربەست و ڕێگر لە بەردەم پاراستنی زمان و فەرهەنگدا، چونکە زمان و فەرهەنگ دوو سامانن بۆ تاک و کۆمەڵگە بە هیچ پێوەرێک ناپێورێن.

دەیان نەتەوە لە جیهاندا تەنیا لەبەر ئەوەی لەلایەن نەتەوە داگیرکارەکانیانەوە، لە زمانی خۆیان و فەرهەنگەکەیان دابڕێنراون، ئێستا و دوای دەیان ساڵ لە ئازادبوونیشیان نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە سەر ڕێچکەی فەرهەنگی ئاوەزیی خۆیان و بە شێوەیەکی خۆنەویست خزمەت بە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوە داگیرکەرەکەیان دەکەن.

ئێمە کە خاوەنی نەتەوە و هەرێمێکی دەورەدراوین بە چەندان زمان و کولتووری جیاواز، خۆپاراستن و مانەوەمان لەسەر فەرهەنگی ئاوەزی و زمانی نەتەوەییمان کارێکی تەواو دژوار و سەختە، چونکە دراوسێکانی ئێمە مێژوویەکی دێرینیان هەیە لە کاری ڕێکخراوەیی بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و خوددروستکردن و ناشیرینکردن و سڕینەوەی کولتوور و زمانی ئەوانی تر، بە تایبەت هەموویان سەرباری جیاوازییەکانی نێوانیان کۆک و هاودەنگن بەرانبەر بە ئێمە.

ناوەندەکانی خوێندن و ڕۆشنبیری لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردە و خێزانەکان بە یارمەتی ڕاگەیاندنێکی بەرپرسیار، لە سەرەکیترین ناوەند و بنەماکانی بووژاندنەوە و پاراستنی زمان و فەرهەنگی ئاوەزیمانن.

لە کاتێکدا فێربوونی زمانی دووەم و سێیەم... تاد لە جیهانی ئەمڕۆماندا وەک پێویستییەک سەیر دەکرێت، نابێ چاو لە ماک و کاریگەرییە خراپەکانی - بە بیانووی فێربوونی زمانێک فێربوونی کولتوور و دروستکردنی مرۆڤێکی نوێیە - بپۆشین، بە تایبەت بۆ تەمەنی خوار سەرەتایی، چونکە ئەو تەمەنە بنکەی دروستکردن و چاندنی دانەکانی فەرهەنگی ئاوەزی و زمانی دایکە.

ئەوەی جێگەی سەرنج و لە هەمان کاتدا داخە کۆمەڵگەی ئێمە هەستی خۆبەکەمزانینی بە جۆرێک لەلا دروست بووە خەریکە وردە وردە گرنگی و برەو بە زمان و فەرهەنگی هەموو نەتەوەیەک دەدات جگە لە زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەی خۆی.

ئەگەر چاوێک بە بەرنامەی فێرکاریی قوتابخانەکاندا بخشێنینەوە دەبینین پەیڕەو و پرۆگرامی زمانی نەتەوەکانی تر زۆر گونجاوتر و تۆکمەتر لە کتێبی زمانی کوردی داڕێژراون.

ئەمە و سەرباری سادەیی و کەموکورتییە زۆرەکانی ئەو پەیڕەو و پرۆگرامە فێرکارییەی بۆ زمان و فەرهەنگی کوردی دانراوە.

ئەوەی لەم نێوەندەدا دەگوزەرێت ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی نەوەی ئێستا و ئەوانەی داهاتوو بە تەواوی لە فەرهەنگی ئاوەزیی باوانیان دادەبڕێن و ئەو کاتیش بەرانبەر بە زمان و فەرهەنگی نەتەوەکانی تر هیچ ڕەحمێک بە زمان و فەرهەنگی خۆیان ناکەن، چونکە ئەمە ئاوێکە نەوەی پێگەیشتووی ئێستا ڕشتوویەتی و نەوەی تازە و سامانی نەتەوەیی داهاتوو بە بێئاگایی و ناشارەزایی ڕاسپێرراون تا پێی تێخەن و دوور نییە تێیشیدا بخنکێن.